دادگای سڵمانی بکوژی خواناس وریا بە زیندانی هاتاهەتایی سزادا

ئەڤە سێشەمە، دادگای سڵمانی بکوژی خواناس وریا بە زیندانی هاتاهەتایی سزادا.

خواناس وریا، شانۆکار و هونەرمەند لە رۆژی 22ــی حوزەیرانی 2023 لەناو بازاڕی چەمچەماڵ درایە بەر دەستەڤژی گوللە و گیانی لەدەستدا.

پێشتر لەمانگی چواری ڕابردوو، بکوژ لە دانیشتنی دووەمی دادگا گوتبوی: هیچ کەس هانی نەداوم بۆ ئەم کوشتنە تەنها خۆم بووم و بۆ تەنها بیرم لێکردەتەوە و بۆ تەنها تاوانەکەم ئەنجامداوە.

لە کۆتاییدا، ئەمڕۆ سێشەمە (25ــی حوزەیرانی 2024، دوای ساڵێک لە تیرۆرکردنی شانۆکار خواناس وریا گڵی، لە دادگای سڵمانی تەمەتباری سەرەکی کوشتنی سزای زیندانیی هەتایی بەسەردا سەپێنرا.